بەناوی کوردستانی گەورە
ح.س.سۆران
soransa@hotmail.com

تاران - ۲۷۰۸/۱۰/۵

**حەزرەتی "گا" :**

لە هەر زمانێک دا ، بە کاربردنی هەر وشەیەک  مانای زمان ناسی ، دەروون ناسی ( سایکۆلۆگیک) و کۆمەڵناسی و ... تایبەتی هەیە . وشەی واش هەیە کە ماناگەلی زۆری هەیە و لە بەستێنگەلی جۆر بە جۆر دا ، کەڵکی لێ وەردەگیررێ . بە ورد بوونەوە لەو ماناگەلە ، زۆر روانگەی ئەو زمانە و گەلەکەیمان بۆ روون دەبێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو زمانە تا چ رادەیەک ، رەسەن ، تەبا ( دەوڵەمەند) و تێر و تەسەلە .

**من بۆ زۆرتر شرۆڤە کردنی ئەم بابەتە سەربەمۆرە ، کە بە کەلەپووری کەم وێنەی زمانی کوردی دەزانم ، لەم نووسراوەیە دا ، وەک " مشتێک لە گشتێک ، زۆر بە کورتی وشەی " گا " ( کە بە مانای مانگای نێرە)** راڤە دەکەم ،بەڵام پێم وایە ئەگەر هەمو شتەکان لە بارەی ئەم بابەتەوە بنووسین ، دەبێتە کتێبێکی ئەستوور و ئەمەش هۆی شانازیە بۆ گەلی کورد ، کە توانیویەتی بە دەم هەڵات هەڵات، قەلاچۆ ، کوردڤڕان ، کۆچ و کۆچبەری و بە سەر پشتی ئەسپ و هێستر و ئەوانەوە ، زمانێکی وا پاراو، بەربڵاو و رێک و پێک ، بخولقێنێ . دیارە ، من ئەم راڤەیەم تەنیا لە دەلاقەی زاراوەی سۆرانی زمانی کوردیەوە ئەنجام داوە ، بەڵام هەر یەک لە زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردیش بۆ خۆیان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن ، یانی مەیدانەکە زۆر لەمە پان و بەرین ترە کە من باسم کردوە :

- **ئەوەی گا دەیکێڵێ ، گا نایخوا ( پەند) .**
- جوانە گا ، گایەک کە دو ساڵ پێش ، لە دایک بووبێ .
- جووت و گا ( کشت و کاڵ ) .
- خەسو ( دایکی خێزان) ، لە جووتێک گا چاکترە ( پەند) . **بەڵام هێندێک لە گەلانی دیکە ، وا گەش بین نین .**
- دەڵێی بلوێر بۆ گا لێ دەدەی ( پەند ) .
- سێ بە گایی ، کاتێک کە لە جووت کردن دا ، بە جووتێک گا کاردەکەن و گایەکیش بە نۆبە دەهێنن ، بۆ ماندوو حەساندنەوی هەر کامێک لەو گایانە ، کە ماندو دەدن . یانی گایەکیان وەک زاپاس وایە .
- کەڵ گامێش " بووفالۆی) نێر .
- **گا ، لە داخی کەر پیر دەبێ ( پەند) .**
- گا جووت ، ئەو گایەی کە زەوی پێ دەکێڵن و جووتی پێ دەکەن .
- گا سوور تۆ بخەوە ، منیش دەخەوم ، بزانین کاممان زەرەر دەکەین! ( پەند) .

- **گا شەڕ دەکەن ، پڕ و پانێر لە بن پا دا قڕ دەبن( پەند) .**
- گا کۆتر ، چەشنە کۆترێکی کێوی .
- گا مێش " بووفالۆ " ی ، مێو .
- گابازەڵە ، گوندێکە لە موکریان .
- گابۆڕ ، کاتی مرۆڤە کان ، یەکێک لە هۆزی "گا" **سەردەبڕن** ، ئەم هۆزە هەمو بوی دەگرین ، و لەسەر خوێنەکەی قوڕ دەپێون - رستەی گابۆڕ لەمەوە هاتوە . هەمومان دەزانین ، قەت نەمان بیستوە ، گایەک ، دانەیەک لە هۆزی خۆی بکوژێ . **واتە بە مسقاڵ " جەردەوانیان " تێ دانیە - هەمو دڵسۆزی یەک و یەک دەنگن .**
- گادەر ، چۆمێکە لە پەراسوی باکووری مۆغەرەی پشتی جەلە کێوی زاگڕۆسەوە سەر چاوە دەگرێ و لە نزیکی شاری نەغەدە ، دەڕژێتە گۆلی ورمێ .
- گاسن ، ئەو ئاسنەی کە بە هۆی دەندی ئاموور ، زەوی پێ دەکێڵن و بە مانای " گا + ئاسن " ە .
- گاگەش ، کێوێکی سەربەرزی موکریانە .
- گاگێرە ، ئەو رەشەوڵاغانەی کە گێرەیان پێ دەکەن .
- گام بە بارەوەیە و مەشکەم بە دارەوەیە ( پەند) .
- گامێش گۆلی ، گوندێکە لە موکریان .
- گامێشان ، گوندێکە لە موکریان .
- گاو کردن ، پتەو تر کردنی کەرەسەی ئاسنە واڵە ، بە هۆی کاری ئاسنگەری .
- گاو گوێر ، هۆزی رەشەوڵاغ .
- گاوان ( جابان ) ، دەڤەرێکی کورد نشینە ، لە باشووری نووچکەی کێوی دەماوەند .
- گاوان ، شوانی گاڕان .
- گاوانی ، ئەو کەسەی لە ئاخری جەغزی شاییەوە هەڵدەپەڕی ، کە لە پێش دا ، گاوانەکان لەوێوە دەستیان گرتوە و پێچەوانەی وشەی سەرچۆپیە .
- گاوە شەلە ، گوندێکە لە ناوچەی سەقز .
- گاوەخان ، بەشێک لە زەویە کە جووتیار بە چەڵێک دەیکێڵێ ، واتە بە زمانی فەرەنگی ( باچ ) ێکە .
- گاوەرۆ ، چۆمێکە لە نیزیک چەمی ژاوەرۆ ، لە نزیکی کرماشان .
- گاڕان ، رانی گاگەل و ڕەشەوڵاغ .
- گاڕان رۆیی !!! ، گاوانەکان ئەم رستەیە بە دەنگی بەرز دەڵین بۆ ئەوەی خەڵکی ئاوایی گاوگوێریان بۆ بهینن ، ئەوانیش بیانبەن بیانلەوڕێنن .
- گاڕانیان بە تاڵان دەبرد ، لە مانگا بەڵەکیان دەپرسی ( پەند ) .
- گای بوغە ، گایەک کە نەخەسابێ و بە وتەی ئینگلیسی بووبێ بە " پلەی بۆی " .
- گاینجە ، ئامرازێکە لە ئامرازەکانی ئاموور ، کە لەگەڵ" شیلەپە" و "دەستە کەوشە" و ئەوانە، کەڵکی لێ وردەگرن .
- گوورزی گاوسەر ، ئەو گورزەی وەک سەری گا وا بوە و دروشمی هۆزی چەرداوڕو ، لە مەحموود جوغ ( نێوان میاندواو و ساینقەڵا) بوە .
- مانگا ، گای مێو .
- وشتر گا پڵینگ ( زەررافە ) .

- وشەی" گا" وەک ناسناو : چون کوردەواری مەڵبەندێکی کشت و کاڵی و ئاژەڵداریە و "گا " شوێنی زۆر سەرەکی لە ژیانی ئابووری زوربەی خەڵک دا هەیە ، رەنگە سەدان ناسناوی ئاسایی کۆنی کوردی ببێ ، کە وشەی گای تێدایە : وەک گادزراو ، گا قوڵ ، گا پیس ، گا بەڵەک و شتی وا ، کە ناوی سەرەکی هەوەڵیشی لەگەڵە ، بۆ وێنە " حەمە گادزراو " .
- وەک گای قەشقە وایە ( قسەی نەستەق ) .

دەڵێن قسە ، قسە دەهێنێ و جاری وا ش هەیە بە وتەی کۆنی کوردی "گوێزێک دەخۆی سێویکی تێدایە " . منیش هەر بەم پییە و لەگەڵ رێزم بۆ گشت بیروڕاکانی خەڵکی تەواوی جیهان ، بۆ وینە بە کورتی ئاماژە بە باسی " گا " لە فەرهەنگی رێزدار و رەسەنی هیندوەکانیش دا دەکەم: هەر وەک دەزانن ، ئەوانیش وەک گشت گەلانی دیکەی جیهان ، شتێکی ماقووڵ و پیرۆزی ئایینیان بۆخۆیان هەڵبژاردوە ، کە بەفەرمایشی **خۆیان حەزرەتی " گا " یە .**